# (٣٠)

## بابەتی فیقهی هاوچەرخ

# سەبارەت بە ڕۆژوو

---

لە بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba٨.org

walamakan.com

**إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ ، وَنَسْتَعِينُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِن شُرُورِ أَنفُسنَا ، وَمِن سَيِّئَاتِ أَعمَالِنَا ، مَن يَهْدِهِ اللهُ ؛ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَن يُضْلِلْ ؛ فَلا هَادِيَ لَهُ ...وأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ ، وَرَسُولُهُ ... أَمَّا بَعْدُ :**

## (٣٠) بابەتی فیقهی هاوچەرخ سەبارەت بە ڕۆژوو

### ١. گەر کەسێک ڕۆژووەکەی شکاند و پاشان سواری تەیارە بوو کە تەیارەکە بەرز بویەوە بینی خۆر ئاوا نەبووە .

گەر کەسێک ڕۆژووەکەی شکاند و پاشان سواری تەیارە بوو و لەکاتی بەرز بونەوەی تەیارەکە بینی خۆر ئاوا نەبووە لەم حاڵەتەدا ڕۆژووەکەی دروستە و پێویست نی یە لەسەری خۆی بگرێتەوە لەو شتانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە ، ئەمەش فەتوای هەریەک لە عبدُ الرزَّاق عفيفي، وابنُ باز، وابنُ عُثيمين ـه.

### ٢. عیبرەت بە بینینی خۆرە

گەر کەسێک بەتەیارە سەفەری کرد پاشان لەڕێگای تەلەڤیزیۆنەوە یاخود کاتژمێرەوە زانی کاتی بانگە بەڵام لەبەر بەرزی تەیارەکە خۆری لێوە دیار بوو ؟

گەر کەسێک بە تەیارە سەفەری کرد و بە ڕۆژوو بوو پاشان بۆی دەرکەوت کە کاتی بانگە لەو شارەی کە سەفەری لێ کردووە یان ئەو شارەی کە نزیکە پێی بگات ، بەڵام لەبەر

بەرزی تەیارەکە خۆر دەبینێ لەم حاڵەتەدا نابێت ڕۆژووەکەی بشکێنێت تاوەکو خۆری لێ ئاوا دەبێت ،ئەمەش فەتوای هەریەک لە عبدُ الرزَّاق عفيفي، وابنُ باز، وابنُ عُثيمين ـە.

## ٣. کاتی ڕۆژوو شکاندن لەو وڵاتانەی کەڕۆژگار تیایدا درێژە:

واجبە کەسی ڕۆژووەوان لەهەر جێیەک بێت لەدەرکەوتنی فەجرەوە تاوەکو ئاوا بوونی خۆر بەڕۆژوو بێت ، (ئەو وڵاتانەی کەشەو ڕۆژ لە٢٤ چوار کاتژمێردا دێت ودەچێت) جا ڕۆژگار درێژ بێت یاخود نا ، بەڵام گەر بەهۆی درێژی ڕۆژەوە زۆر قورس بوو و کەسە ترسی هەبوو لەوەی توشی زیانێک بێت ئەوا لەم حاڵەتەدا دروستە ڕۆژووەکەی بشکێنێت ، و دواتر ئەو ڕۆژانە دەگرێتەوە کەتوانای هەیە بیانگرێتەوە لەڕۆژانی تردا ، ئەمەش فەتوای ابنُ باز، وابنُ عُثَيمين، وجگە لەوانیشە ، و بڕیاری( المَجمَعِ الفِقهيِّ الإسلاميِّ)یشە.

## ٤.چۆنیەتی دیاری کردنی کاتی ڕۆژوو گرتن لەو وڵاتانەی کە شەو ورۆژ تیادا ئاسایی نی یە:

هەر کەسێک لە وڵاتێکدا بێت کە شەو ڕۆژ لە ٢٤ چوار کاتژمێردا نایەت و ناچێت ، وەک ئەو وڵاتەی کەڕۆژ تیایدا بۆ نموونە دوو ڕۆژە ، یاخود هەفتەیەک ، و یاخود مانگێکە ، و یاخود زیاتر ، لەم حاڵەتەدا ڕۆژو وشەو دیاری دەکرێت بەگوێرەی نزیکترین شوێنی ئەو جێگایە کەشەو ڕۆژ لە٢٤ چوار کاتژمێردا دێت ودەچێت ، ئەمەش فەتوای ابنُ باز، وابنُ عُثَيمين، وجگە لەوانیشە ، وبڕیاری( المَجمَعِ الفِقهيِّ الإسلاميِّ)یشە.

### ٥. بەکار هێنانی حەب بۆ ڕێگە گرتن لە سوڕی مانگانە

حوکمی بەکار هێنانی ئەو حەبانەی کەڕێگری دەکەن لە حەیز بەنیەتی ئەوەی ئافرەت تەواوی مانگەکە بەڕۆژوو بێت :

گەر دڵنیا بوون لەوەی زیانیان پێ ناگات ئەوا دروستە ، ئەمەش بۆ چوونی حەنبەلیەکانە ، و ابنِ بازیش ئەم بۆ چوونەی هەڵبژاردووە ، بەڵام ئەوەی دەرکەوتوە کە ئەو حەبانە زیانیان هەیە و کاتی عادەی ئافرەتیش تێک دەدەن .

### ٦. گەر لەوڵاتێک مانگ بینرا ئەوا واجبە لەسەر باقی وڵاتانی تر بەڕۆژوو بن؟

جا چەند بۆ چوونێک لەم بارەیەوە هەیە و بەهێزترینیان دوو بۆ چوونە:

بۆچوونی یەکەم: گەر لەوڵاتێک مانگ بینرا ئەوا واجبە لەسەر باقی وڵاتانی تر بەڕۆژوو بن ،ئەوەش مەزهەبی جمهوری زانایانە ، لەحەنەفی ،ومالکی ، وحەنبەلیەکان.

بۆچوونی دووەم: گەر لەوڵاتێک مانگ بینرا ئەوا گەر جێگای بینینی مانگیان جیاواز بوو واتە:(دوور بوون لەیەک) ئەوا واجب نی یە لەسەر باقی وڵاتانی تر بەڕۆژوو بن ، بەڵکو تەنها لەسەر ئەوانە واجبە کەبینیویانە وئەوانەش کەنزیکی ئەوانن ، ئەمەشیان قسەی شافعییەکان وکۆمەڵێک لەسەلەفە ، وئیمامی سەنعانی وابنُ عُثَیمین هەڵیان بژاردووە.

### ٧. حوكمی پشت بەستن بە مانگی دەستكرد (قمر صناعی) لەبینینی مانگ دا:

دروست نییە پشت بە مانگی دەستكرد ببەسترێت لەبینینی مانگ دا ،ئەمەش بۆ چوونی شێخ ابن عثیمین ـه.

### ٨. حوكمی بەكار هێنانی ئامێرە فەلەكیەكان وەك(دوور بین) لەبینینی مانگدا:

دروستە بەكار هێنانی ئامێرە فەلەكیەكان لەبینینی مانگدا وەک (دوور بین) ئەوەش ئامێرێكە بینین نزیک دەكاتەوە ، بەڵام واجب نییە بەكار بهێندرێت ، گەر كەسێكی جێی سقە لەڕێگای دوور بینەوە مانگی بینی ؛ ئەوا كار بەو بینینە دەكرێت ، ئەمەش بۆ چوونی ابنِ باز، وابن عُثَیمین، و( هیئة ِ كِبارِ العُلَماء) هەمان بڕیاریاندا داوە ، و بەهەمان شێوە بڕیاری( مَجمَعِ الفِقه الإسلاميِّ)یە.

### ٩. بە ڕۆژوو نەبونی كەسی موسافیر لە كاتی سەفەردا

حوكمی بەڕۆژوو نەبوونی موسافیرێک چیە بە سەیارە یان تەیارە سەفەر دەكات و توشی نارەحەتی نابێ؟

دروستە بەڕۆژوو نەبێت ، هەرچەند بەو ئامێرانە سەفەر بكات كە ئاسانە و توشی نارەحەتی ناكات ، جا توشی نارەحەتی بێت یاخود نا : ابنُ تَیمیَّةَ كۆدەنگی لەم بارەیەوە نەقڵ كردووە.

### ١٠.حوکمی جگەرە کێشان لەکاتی بەڕۆژوو بووندا:

جگەرە کێشان لەکاتی بەڕۆژوو بووندا ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە ، ئەمەش کۆدەنگی چوار مەزهەبەکەی لەسەرە.

### ١١. حوکمی خوێن دەرهێنان لەڕێگای دەمارەوە لەکاتی بەڕۆژوو بووندا:

زانایان جیاوازن لەبارەی ئەوەی ئایا خوێن دەرهێنان لەڕێگای دەمارەوە لەکاتی بەڕۆژوو بووندا ڕۆژوو دەشکێنێت یاخود نا ودوو بۆچوونیان هەیە لەم بارەیەوە:

بۆچوونی یەکەم: پێی وایە نەخێر ڕۆژوو ناشکێنێت ، ئەوەش مەزهەبی جمهوری زانایانە لە حەنەفی ومالکی وشافعیەکان.

بۆچوونی دووەم: پێی وایە بەڵێ ڕۆژوو دەشکێنێت ، ئەوەش بەشێک لەمەزهەبی حەنبەلیەکانە ، و ابنُ تَيميَّةَ، وابنُ عُثَيمين لایان پەسەندە ، و "اللجنةُ الدَّائمةُ"ش فەتوایان بەمە داوە.

### ١٢.حوکمی وەرگرتنی خوێن بۆ فەحس و تاقی کردنەوە:

دروستە بۆ ڕۆژووەوان خوێن بدات بەمەبەستی فەحس وتاقی کردنەوە ، ئەوەش بۆ چوونی ابنِ باز ، وابن عُثَيمين ـە.

## ١٣. قەترە لەڕێگای لوتەوە:

زانایان جیاوازن لەبارەی قەترە کردنە لوتەوە لەکاتی بەڕۆژوو بووندا ودوو بۆ چوونیان هەیە:

بۆچوونی یەکەم: پێی وایە ڕۆژوو دەشکێنێت ئەوەش بەکۆدەنگی چوار مەزهەبەکە.

بۆچوونی دووەم: گەر قوت نەدرێت ئەوەندەی کەدادەبەزێتە نێو قورگ ئەوا ڕۆژوو ناشکێنێت ، ئەوەش بۆچوونی ابنُ حزمٍ، و ابنُ تَیمیَّةش ئەم بۆچوونەی سەرخستووە، و مجمَعُ الفِقه الإسلاميِّ پێی باشە، وە " اللجنةُ الدَّائمة"ش هەمان ڕایان هەیە، و بۆچوونی ابنِ عُثَیمین یشە.

## ١٤. شوشتنی گورچیلە:

هەرکەسێک گورچیلەی بۆ بشۆردرێت بەهەر ڕێگایەک بێت ئەوا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە ،ئەوەش بۆچوونی ابنِ بازە، وە فەتوای"اللَّجنةُ الدَّائمة"شی لەسەرە.

## ١٥. حوکمی بەخاخ کە بۆ نەخۆشی ڕەبو بەکار دێت:

بەکار هێنانی بەخاخی ڕەبو لەکاتی بەڕۆژوو بووندا ؛ ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ، ئەوەش هەڵبژاردەی ابنُ باز، وابنُ عُثَیمین ـە، وەهەروەها بۆچوونی زۆربەی ئەو کەسانەیە کە لە (النَّدوة الفِقهیَّة الطبیَّة التَّاسعة التابعة للمنظمَّةِ الإسلامیَّة للعلومِ الطبیَّة)بەشدار بوون ئەوەی کە لە کۆیت بەسترا.

### ١٦. حوکمی دانانی حەب لە ژێر زمان

حوکمی دانانی ئەو حەپانەی کە لە بن زمان دادەنرێن بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشی دڵ ، وڕاستەوخۆ ودوای ماوەیەکی کەم دەتوێتەوە ولەڕێگای خوێنەوە دەگاتە دڵ ، وجەڵدەی لەناکاوی دڵ ڕادەگرێت ، وهیچ بەشێک لەو حەپە ناچێتە نێو سکەوە.

بەکار هێنانی ئەم جۆرە حەپانە ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە بەمەرجێک هیچ بەشێکی قوت نەدرێت ، ئەوەش بۆچوونی( مجمَعُ الفِقه الإسلاميِّ)یە بەکۆدەنگی هەموویان.

### ١٧. غازی ئۆکسجین:

بەکار هێنانی غازی ئۆکسجین بۆ هەناسە دان ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ، ئەوەش بۆچوونی (مجمَعُ الفِقهِ الإسلاميّ)یە.

### ١٨. بەکار هێنانی دەرزیەک کە خواردن بەخش نەبێت:

ئەم جۆرە دەرزیە ڕۆژوو ناشکێنێت جا لەڕێگای دەمارەوە بێت یاخود گۆشت وسمتەوە ، ئەوەش بۆچوونی ابنُ باز، وابنُ عُثَیمین ـە، وبڕیاری المجمَع الفِقهيِّ یەو، وەفەتوای "اللَّجنة الدائمة"، و "قطاعِ الإفتاءِ" کۆیتی لەسەرە.

### ١٩. بەکار هێنانی دەرزیەک کەخواردن بەخشە و لەڕێگای دەمارەوە لێ دەدرێت:

ئەم جۆرە دەرزیە ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە ، ئەوەش بۆچوونی ابنُ باز، وابنُ عُثَيمين ـە، وبڕیاری المجمَع الفِقهيِّ یەو، وەفەتوای "اللَّجنة الدائمة"

### ٢٠. هەڵگرتنی شاف:

هەڵگرتنی شاف لەکاتی بەڕۆژوو بووندا ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ، ئەوەش مەزهەبی زەهیریەکان ، وکۆمەڵێک لەمالکیەکانە ، وبۆچوونی ابنُ عُثَيمين، و زۆربەی بەشداربوانی( النَّدوةِ الفِقهيَّة الطبيَّة التاسعة التابعة للمنظَّمة الإسلاميَّة للعلوم الطبيَّة بالكويتِ).

### ٢١. هەڵگرتنی شتی شل یاخود ڕۆن لەداوێنەوە:

هەڵگرتنی شتی شل یاخود ڕۆن لەداوێنەوە ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ، ئەوەش مەزهەبی حەنەفی ، ومالکی ،وحەنبەلیەکانە.

### ٢٢. حوکمی قەترە لەڕێگای داوێنی ئافرەتەوە

قەترە لەڕێگای داوێنی ئافرەتەوە ویاخود هەر مادەیەکی تر کە بۆ مەبەستێک لەو ڕێگەیەوە هەڵدەگیردرێت وداخل دەکرێت:

ئەم جۆرەشیان ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ، ئەوەش بڕیاری( مجمَعُ الفِقه الإسلاميِّ)یەی لەسەرە.

### ٢٣.حوكمی بەكار هێنانی مەعجونی ددان بەنیسبەت كەسی ڕۆژووەوانەوە:

دروستە كەسی ڕۆژووەوان مەعجونی ددان بەكار بێنێت ، بەڵام دەبێ وریای ئەوە بێت نەچێتە قوڕگیەوە ، ئەوەش بۆچوونی ابنِ باز، وابنِ عُثَيمين، و "مَجمَعُ الفِقه الإسلاميِّ"ـە.

### ٢٤- بەكار هێنانی قەترەی چاو:

دروستە كەسی ڕۆژووەوان قەترەی چاو بەكار بێنێت ، ئەوەش بۆچوونی حەنەفی ،وشافعییەكانە ، وە ابنِ باز، وابنِ عُثَيمين ئەم بۆچوونەیان لاپەسەندە.

### ٢٥. بەكار هێنانی قەترەی گوێ:

دروستە كەسی ڕۆژووەوان قەترەی گوێ بەكار بێنێت ، ئەوەش بۆچوونی ابنُ حَزمٍ، وابنُ عُثَيمين، وابنُ بازە.

### ٢٦. چاك بوونەوەی شێت لە ڕەمەزاندا

گەر شێت لە ڕۆژێك لە ڕۆژەكانی ڕەمەزاندا بەهۆش هاتەوە و چاك بویەوە ئەوا پێویستە ئەوەندەی كە لەڕۆژەكە ماوە خۆی بگرێتەوە لەو شتانەی كەڕۆژوو دەشكێنن ، ئەوەش بۆچوونی ، حەنەفیەكانە ، وڕیوایەتێكیشە لەئیمام ئەحمەدەوە ، وەهەریەك لە ابنُ تَيميَّةَ، وابنُ عُثَيمين هەڵیان بژاردووە.

## ٢٧. حوکمی گێڕانەوەی ڕۆژوو بەنیسبەت شێتەوە گەر چاک بووەوە:

گەر کەسی شێت چاک بووەوە ئەوا واجب نی یە لەسەری ئەو ڕۆژانە قەزا بکاتەوە کە لە زەمانی شێت بوونی دا نەیگرتوون ، جا ئەو ڕۆژانەی کەنەیگرتوون زۆر بێت یاخود کەم ، و لەڕەمەزاندا چاک بووبێتەوە یاخود دواتر هیچ جیاوازی نی یە ، ئەمەش مەزهەبی شافعی وحەنبەلیەکانە ، وەهەریەک ابنِ المُنذِر، وابنِ حزمٍ، وابنِ باز، وابنِ عُثیمین هەڵیان بژاردووە.

## ٢٨. لە هۆش چوون بە درێژای ڕۆژ

حوکمی ئەو کەسە چیە کە ئێوارە نیەتی ڕۆژووی هێناوە بەڵام دواتر توشی بورانەوە دەبێت و نایەتە هۆش خۆی تاوەکو خۆرئاوا دەبێت:

گەر لەخۆ چوونەکە تەواوی ڕۆژەکە بگرێتەوە ، واتە: لەنوێژی بەیانیەوە تاوەکو خۆر ئاوا بوون ، ئەوا ڕۆژووەکەی دروست نی یە ، و قەزاکردنەوەشی لەسەر نی یە ، ئەوەش مەزهەبی جمهوری زانایانە لەمالکی وشافعی وحەنبەلیەکان ، بەڵام گەر کەسێک لەبەشێک لەڕۆژی ڕەمەزاندا توشی لەخۆ چوون بوو ودواتر بەهۆش هاتەوە تەنانەت گەر بۆ ساتێکیش بێت ، ئەوا ڕۆژووەکەی دروستە ، و قەزا کردنەوەی لەسەر نی یە ، ئەمەش مەزهەبی شافعی وحەنبەلیەکانە ، وە ئەو کەسەش بەهۆی بەنجەوە ئاگای لەخۆی نامێنێت هەمان حوکمی هەیە .

## ٢٩- حوكمی ڕۆژووی كەسێک بەهۆی پیریەوە عەقڵی لەدەس داوە

ئەم کەسانە نەڕۆژوویان لەسەرە و نەقەزا کردنەوەش ، ئەم بۆچوونەش هەریەک لە ابنِ باز، وابنِ عُثَيمين هەڵیان بژاردووە.

## ٣٠. لەدەس دانی زاکیرە :

هەر کەسێک توشی لەبیر چوونەوە و لەدەستدانی دانی زاکیرە بووبێت ؛ ئەوا ڕۆژوو لەسەر واجب نی یە ، ئەمە فەتوای ( اللجنةُ الدَّائمةُ ، وابن عُثَيمين ) ـە.

سوود وەرگیراوە لە : الموسوعة الفقهية : كتابُ الصَّوم

==================

## هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

### ماڵپەڕی وەڵامەکان